تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

کەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5797) پێنج شەممە 25ی تەممووز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


شاندێکی باڵای بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

ئیخلاس دلێمی: بوودجە و دۆسیەی ئەمنی و نەوت و دارایی تاوتوێدەکرێن

بە مەبەستی تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرسی گرنگ، شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراقی فیدراڵ سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات. ئیخلاس دلێمی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دوێنێ چوارشەممە بە تۆڕی میدیایی ڕووداو ڕاگەیاندووە: بۆ تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرسی گرنگ و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، بە تایبەتی دۆسیەکانی نەوت، دارایی، ئەمنی، ماددەی 140 بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە 2019/7/25 شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراق دەگاتە هەولێر. شاندەکەی حکوومەتی عێراق لە د. فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی، هەروەها وەزیری نەوت، ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتمانی و نوێنەری عادل عەبدولمەهدی لەخۆدەگرێت. شاندەکەی بەغدا لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرانی پەیوەندیدار بە دۆسیەکانی ئەمنی، دارایی و نەوت کۆدەبنەوە، ئەوەش لە چوارچێوەی هەوڵەکانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی یەکجارەکی ئەو دۆسیانە و سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

خەسرۆ گۆران: یاسای هەڵبژاردن زیانی بۆ کورد هەیە



لە کەرکووک ڕۆژانە تەعریب بەردەوامی هەیە و فەرمانبەرانی کوردیش لەسەر کارەکانیان دەردەکرێن.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

ئەڵمانیا لە مەشقپێکردن و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت



ئەمێنداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، ئەڵمانیا لە ڕاهێنان و مەشقپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوامدەبێت.

فەریق جەبار یاوەر ئەمێنداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەممە 23ی تەموزی2019 لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەچوو بە سەرپەرشتی وەزیری پێشمەرگە و بە ئامادەبوونی بریکاری وەزارەت و ژمارەیەک لە ئەفسەر و پلەدارانی هێزی پێشمەرگە و نوێنەری هێزەکانی هاوپەیمانان، لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا وەزیری پێشمەرگە سوپاسی هێزەکانی هاوپەیمانانی کرد کە لە ماوەی سالانی ڕابردوو هاوکاری باشیان پێشکەشی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە، ئامادەیی وەزارەتیشی نیشاندا بۆ هەر جۆرە هەماهەنگییەک لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان.

3

کەنعان خەیلانی: سەرۆکی هەرێم واژۆی لەسەر هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کردووە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئاشکرای کرد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆی لەسەر هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کردووە.کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: بەپێی ئەو زانیارییانەی من هەمە، لەم دوو ڕۆژەی ڕابردوو، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، واژۆی لەسەر هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کردووە. خەیلانی ڕوونیشی کردەوە، لە دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، پەرلەمان یاساکە دەنێرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان و کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکە دەستپێدەکەنەوە.



لە سەرەتای ئەم مانگەدا بە دەنگی زیاتر لە 80 پەرلەمانتار، یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەموار کرایەوە و بەو پێیەش، ماوەی یاسایی بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان تاکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن، درێژ کرایەوە.

لە سەرجەم هەرێمی کوردستان 9436 یەکەی نیشتەجێبوون کاری تێدا دەکرێت

7

ئەنجوومەنی وەزیران گرێبەستی چوار هەزار مامۆستا نوێ دەکاتەوە



6

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پرۆسەیەک دژ بە کورد

4



ئیدلب.. ڕزگارکردنی منداڵێک لەژێر دارو پەردووی بۆردوومانێکی ڕژێمی ئەسەد

خەسرۆ گۆران: یاسای هەڵبژاردن زیانی بۆ کورد هەیە لە کەرکووک رۆژانە تەعریب بەردەوامی هەیە و فەرمانبەرانی کوردیش لەسەر کارەکانیان دەردەکرێن



پەرلەمانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقی پەسەندکرد و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتیش رووندیکردەوە، زۆرێک لە بڕگە و ماددەکانی نێو یاساکە زیانیان بۆ کورد هەیە و لەبارەی کەرکووکیشەوە دەڵێت، هەڵبژاردن لە کەرکووک بەو ڕەوشەوە تەنیا لە بەرژەوەندیی هەندێ لایەندایە و زیانی بۆ کورد دەبێت.

خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاند: زۆرێک لە بڕگە و ماددەکانی نێو یاساکە زیانیان بۆ کورد هەیە و پارتی لەگەڵ ئەو شێوازەدا نەبوو، یەکێک لەوانە پووچەڵکردنەوەی ئەنجوومەنی قەزا و ناحیەکان زیانی بۆ هەموو عێراق هەیە، لەبەر ئەوەی نەهێشتنی ئەنجوومەنی قەزا و ناحیەکان لە ناوچە کوردستانییەکان، لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەو ناوچانە و کورددا نییە و بە نەمانیان دەبێتە حوکمێکی مەرکەزی.

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن دەشڵێت: شێوازی دیاریکردنی کورسی دوای بەرێوەچوونی دەنگدان لە بەرژەوەندیی کورددا نییە، چونکە لە دیالە و بەغدا و سەلاحەددین و کەرکووک و چەندین پارێزگای دیکەی عێراق دەنگی خەڵکی ئێمە دەفەوتێت، هەروەها بڕگەیەکی دیکەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەوەیە، کە هەر پارێزگایەک ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران لە بایۆمەتری نەگەیشتبێتە 75% و بەشداری کردبێت، تەنیا مافی دەنگدان بە کارتی بایۆمەتری دەبێت، بەڵام ئەو پارێزگایانەی ڕێژەی بایۆمەتریان نەگەیشتبێتە 75% ئەوە دەنگدەران بڕیان هەیە بە کارتی دیکەش دەنگ بدەن.

گۆران ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: ئێمە پشتڕاستین لە پارێزگایەکی وەک موسڵ ڕێژەی بەشداری ناگاتە75% لە پڕۆسەی بایۆمەتری، ئەوەش دەرفەتی ساختەکاری بۆ هەندێ لایەنی عێراقی دەڕەخسێنێت. پەیوەست بە کەرکووکیش، خەسرۆ گۆران گوتی: لە کەرکووک ڕەوش ئاڵۆزە و لە بەرژەوەندیی کورددا نییە هەڵبژاردن بکرێت، چونکە ئەنجوومەنی پارێزگا کارا نییە و کورد هیچ دەسەڵاتێکی نییە، ڕۆژانە تەعریب بەردەوامی هەیە و فەرمانبەرانی کورد دەردەکرێن لەسەر کارەکانیان، ئەگەر ڕەوشی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە، ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو پارێزگایە تەنیا لە بەرژەوەندیی هەندێ لایەنی تورکمان و عەرەب و حەشدی شەعبیدایە، ئێمە پێشبینی دەکەین ئەو لایەنانە بە لیستی جیاجیا بەشداری هەڵبژاردن دەکەن تا زۆرترین دەستکەوت بەدەست بێنن.

لەبارەی بەشداریی پارتی لە کەرکووک و دروستکردنی لیستی یەکگرتوو لە نێوان لایەنە کوردییەکان، گۆران دەڵێت: هێشتا زووە بۆ یەکلاکردنەوەی هەندێ پرسی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، ئێمە لە مانگی تەمموزین و هەڵبژاردن لە مانگی نیسانی سااڵی داهاتێ بەرێوەدەچێت، هیچ بڕیارێک نییە چۆن بەشداری دەکەین، ڕەنگە بە یەک لیست بەشداری بکەین و لەوانەشە بە لیستی جیا و ئەگەری تریش هەیە.



شاندێکی باڵای بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

ئیخلاس دلێمی: بوودجە و دۆسیەی ئەمنی و نەوت و دارایی تاوتوێدەکرێن

بە مەبەستی تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرسی گرنگ، شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراقی فیدراڵ سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات. ئیخلاس دلێمی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دوێنێ چوارشەمە بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندووە: بۆ تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرسی گرنگ و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، بە تایبەتی دۆسیەکانی نەوت، دارایی، ئەمنی، ماددەی 140 بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە 2019/7/25 شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراق دەگاتە هەولێر.

شاندەکەی حکوومەتی عێراق لە د. فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی، هەروەها وەزیری نەوت، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و نوێنەری عادل عەبدولمەهدی لەخۆدەگرێت. شاندەکەی بەغدا لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرانی پەیوەندیدار بە دۆسیەکانی ئەمنی، دارایی و نەوت کۆدەبنەوە، ئەوەش لە چوارچێوەی هەوڵەکانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی یەکجارەکی ئەو دۆسیانە و سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە.

ئیخلاس دلێمی ئاماژەی بەوەکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان و بۆ ئەم مەبەستەش شاندی باڵای پێشتر سەردانی بەغدای کردووە، هەردوولاش لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون پێش سااڵی 2020 سەرجەم کێشەکان بە یەکجاری چارەسەربکرێن و لاپەڕەیەکی نوێ دەستپێبکەن.

سەبارەت بە گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کەرکووک، ئیخلاس دلێمی دەڵێت، دیارنییە باسی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان دەکرێت یان نا، بەڵام دانوستاندن لەسەر دۆسیەی ئەمنی هەیە و دۆسیەی ئەمنیش واتا ناوچەکانی سنووری ماددەی 140 گفتوگۆکانیش تایبەت دەبن بە دۆسیەی ئەمنی ئەو ناوچانە. دلێمی گوتیشی: ئەوەی هەیە دەستپێکردنی دیالۆگە، بۆیە ناتوانم بڵێم لەسەر ئەم خاڵە گفتوگۆ دەکەن، بەڵام ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی بەشداری لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون پێش سااڵی 2020 سەرجەم کێشەکان بە یەکجاری چارەسەربکرێن و لاپەڕەیەکی نوێ دەستپێبکەن.

پێشمەرگە و هێزەکانی ئێزیدخان ژمارەیەک چەکداری داعشیان کوشت



لە شەڕ و پێکدادانێکی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزی ئێزیدخان لەگەڵ داعش، ژمارەیەک چەکداری داعش، لە شنگال کوژران.

قاسم شەشۆ، فەرماندەی هێزی شنگالی پێشمەرگە، بە کوردستان 24ی ڕاگەیاندووە، سەرلەبەیانی دوێنێ چوارشەمە، چەند چەکدارێکی داعش لە ناوچەی خانا شەهوانی، نزیک کارگەی چیمەنتۆی شنگال، ویستوویانە بچنە گوندی گۆلاتا و هێزەکانی پێشمەرگە و ئێزیدیخانیش پێیانزانیوە. ئاماژەی بەوەش کردووە، هێزەکانی پێشمەرگە و هێزی ئێزیدخان هێرشیان کردوونەتە سەر و لە ئاکامی شەڕ و پێکدادانێکیشدا، هەشت چەکداری داعش کوژراون.

بەگوێرەی زانیارییەکانیش هیچ زیانێک لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و ئێزیدخان نەبووە، ماوەکە جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق دەرکەوتووە و لە ماوەی چەند کاتژمێری ڕابردووشدا، لە پارێزگای نەینەوا و دیالەش، هێرشی تیرۆریستیان ئەنجامداوە. بەرپرسێکی پارتی ڕایگەیاند لە گوندێکی سنووری شنگال، لە نێوان دانیشتووانی گوندەکە و چەند چەکدارێکی داعش، شەڕ ڕوویدا و خەڵکیش بەرەنگاریان بوونەوە و چەکدارانی داعشیان گەمارۆدا.

ئیدریس زۆزانی، بەرپرسی نووسینگەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی 17ی پارتی لە شنگال، بە خەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ چوارشەمە 2019/7/24 دوو کەس لە دانیشتوانی گوندێکی سەر بە شنگال چوونەتە ڕاوەکەو لە شاخ، ونبوون و دانیشتوانی گوندەکەش بۆ سۆراخ و چارەنووسی ئەو دوو هاوواڵتییە ڕوویان لە شاخ کردووە کە ژمارەیەک چەکداری داعش ڕووبەڕوویان بوونەتەوە.

ئیدریس زۆزانی گوتیشی: سەرەنجام شەڕ لە نێوان هاوواڵتییانی ئەو گوندە و چەکدارانی داعش ڕوویدا و لەلایەن خەڵکەوە گەمارۆدران و پاشان هێزە ئەمنییەکانیش چوونەتە شوێنی ڕووداوەکە.

پاش داگیرکردنی سنووری شنگال لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و بوونی پەکەکە لەو ناوچەیە و نەمانی هێزی پێشمەرگە، ئاسایش و سەقامگیریی لەو ناوچانە نەماوە و ناوە بەناوە چەکدارانی داعش هێرش دەکەنە سەر خەڵک و ئەمەش بووەتە مەترسییەک لەسەر خەڵک.

شێروان دووبەردانی: داعش بووەتە مەترسییەکی جیددی و هێرشی کردووەتە سەر گوندێک



نوێنەرێکی پارێزگای مووسڵ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، جارێکی دیکە داعش هێرشی کردووەتە سەر گوندێکی سنووری مووسڵ و سەرۆک هۆزێک و خوارزایەکیان کوشتووە. جەختیشی کردەوە، داعش بووەتە مەترسییەکی جیددی بۆ سەر پارێزگای مووسڵ و بە فەرمییش حکوومەت ئاگادار کراوەتەوە، چونکە ژمارەیان زۆرە و تەنها لە مووسڵ فەرمانی گرتن بۆ 70 هەزار داعش هەیە.

شێروان دووبەردانی، بە مالپەڕی پارتی گوتووە کە داعش جارێکی دیکە هێرشی کردووەتە سەر گوندی زوێریجی سەر بە ناحیەی حەمام عەلیلی سەر بە پارێزگای مووسڵ و شێخێک و خوارزاکەی بە ناوی شێخ عەلی خەزعەل بەدرانی سەرۆکی فەزلی ئەبوحەجیبیە و ئەوەی دیکەش بە ناوی ئەرشەد یاسینە و چەند خولەکێکیش ڕوبەڕووی داعش بوونەتەوە، بەڵام دواتر کوژراون و هیچ هێزێکیش نەبووە پارێزگاریبیان لێ بکات، بۆیە هەردووکیان کوژراون.

دووبەردانی گوتیشی، داعش لە سنووری مووسڵ بە شێوەیەکی بەرچاو جموجۆڵی زیادی کردووە و بووەتە مەترسییەکی جیددی بۆ سەر شارەکە، چونکە لە دادگاکانی مووسڵدا فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 70 هەزار داعش دەرکراوە، بۆیە داعش ژمارەیان زۆرە لەناو مووسڵ و هێزە ئەمنییەکانیش بە هۆی گەندەڵییەوە ئاگایان لە پاراستنی مووسڵ نەماوە، بۆیە ئەگەر ڕێگری نەکرێت، دۆخی ئەمنیی مووسڵ بە تەواوی تێکدەچێت.

ئەمساڵ شەش هەزار ئاوارەی عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردووە



دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاشکرای کرد سەرباری بە ناو نەمانی هەڕەشەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، تەنیا لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیکەی شەش هەزار ئاوارەی عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕاپۆرتێکی لەبارەی چالاکییەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ بڵاو کردەوە و تێیدا چەندین ئاماری لەسەر ڕێژەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و پرۆژە خێرخوازییەکانی دەزگاکە بڵاوکردەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیکەی شەش هەزار هاووڵاتی عێراقی بە ئاوارەیی پەنایان هێناوەتە بەر کەمپەکانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان. بە گوێرەی ئامارەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، ڕێژەی ئەو خێزانە عێراقیانەی لە ماوەی شەش مانگدا پەنایان هێناوەتە بەر هەرێمی کوردستان نزیکەی یەک هەزار و 586 خێزانن. دەزگای خێرخوازیی بارزانی هۆکاری بەردەوامی هاتنی ئاوارە عێراقییەکانی بۆ ناسەقامگیری ئاسایشی ناوچە جیاوازەکانی عێراق گێڕاوەتەوە.

هەر بەپێی هەمان دەزگای پێشەنگ لە کاری خێرخوازیی هەرێمی کوردستاندا، ئێستە نزیکەی یەک ملیۆن و 250 هەزار ئاوارەی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەژین، لەگەڵ 275 هەزار کۆچبەری وڵاتانی دەوروبەر.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/7/25 ژمارە (5797)

د. کەمال کەرکووکی: بەپێی دەستوور دەبێت لە کەرکووک ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی، ئەنجامبدرێن



دکتۆر کەمال کەرکووکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک- گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت، بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق و گوتەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بەڕێز حەلبووسی، وردبینیی لیستی ناو و تۆماری دەنگدەران دەکەوێتە دوای واەدی دیاریکراوی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەوە، کە ئەوەش پێچەوانەی یاسا و دەستوورە، پێشبینیش دەکات، گەر پابەندی یاسای وردبینی بن لە واەدی خۆیدا، هەڵبژاردنی پارێزگاکە دەکەوێتە 2021.

دووشەمەی ڕابردوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی پەسەند کرد و بە هۆی ڕەخنەش لە چەند ماددەیەکی یاساکە، فراکسیۆنی پارتی بایکۆتی دانیشتنەکەی کرد، دکتۆر کەمال کەرکووکی، لە لێدوانێکیدا بە ماڵپەڕی

دەبوو هەموو لایەنە کوردستانییەکان بایکۆتی دانیشتنەکەی پەرلەمانی عێراقیان بکردایە

فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: بە داخەوە کە دەبوو هەموو لایەنە کوردستانییەکانی دیکەیش لەسەر ئەو پرسە بایکۆتی دانیشتنەکەیان بکردایە، بەو شێوەش نیسابی قانوونی تەواو نەدەبوو و دانیشتنەکە دوادەخرا و بوار بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان لەسەر پرسی کەرکووک دروست دەبوو. ناوبراو ئەوەیشی ئاشکرا کرد، کە محەمەد حەلبووسی لەنێو دانیشتنی فەرمیی ئەنجوومەنەکەدا لەکاتی خستنەدەنگدانی ماددەکەی تایبەت بە کەرکووک گوتوویەتی: دەبێ کۆمیسیۆن پابەند بێت بە وردبینیی لیستی دەنگدەران، کە پسوولەی خۆراک و ناسنامەی باری کەسێتی دەنگدەر لە کەرکووک وەک یەک بن، هاوکات ئەو ناوانە لاببرێن کە هەردووکیان وەک یەک نەبن، ئەویش لە ماوەیەکدا، کە لە 31ی کانوونی یەکەمی2020 تێنەپەڕێت، بۆیەشە دکتۆر کەمال پێیوایە، بەو پێیە بێت و پابەندی یاساکە بن و هەڵبژاردن بخەنە دوای وردبینیی سجلی دەنگدەرانەوە، ئەوا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، دەکەوێتە ساڵی 2021ەوە. چونکە بڕیارە لە 2020/4/1 هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەنجامبدرێت، لەکاتێکدا واەدی وردبینییەکەی کەرکووک کەوتووەتە کۆتایی مانگی 12ی 2020 گوتیشی: ناکرێ وردبینییەکە بخرێتە دوای هەڵبژاردنەوە. چونکە ئەوە پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی یاسایی و دەستووری و مافی مرۆڤە.

کەرکووکی، ئاماژە بەو هەوڵە دەکات، کە هەندێ لایەن دەیدەن، کە کەرکووکیش لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا هەڵبژاردنی تێدا بکرێت و ئەو خەڵکانەشی دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر هێندراونەتە شارەکە، مافی دەنگدانیان هەبێت، کە ئەوەش پێچەوانەی یاسا و دەستوورە. بەپێی دەستوور، دەبێت لە کەرکووک ئەم کارانە ئەنجام بدرێن: یەکەم: ئاساییکردنەوە. دووەم: سەرژمێری. سێیەم: ڕاپرسی. بۆیە دەبێت گشت لایەک پابەندی دەستوور بن، تا کێشەکان چارە سەر بەن، پێشتریش هەر کێشەیەک ڕووی دابێت، هۆیەکەی پابەندنەبوون بە دەستوورەوە بووە.



سەنتەرێکی یاسایی ژمارەیەک گەندەڵیی بانکی ناوەندیی عێراق ئاشکرا دەکات

سەنتەری یاسایی پەرەپێدانی عێراق لە ڕاپۆرتێکدا، گەندەڵییەکانی ئەو بانکەی بۆ بەرژەوەندیی بەرپرسانی عێراق ئاشکرا کردووە، کە زیانی سەدان ملیۆن دۆلاری لە سامانی وڵات، داوە.

سەنتەرەکە ڕاپۆرتەکەی ناردووەتە ئەنجومەنی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ ئەوەی دەست بە لێپرسینەوەی یاسایی لە بەرپرسانی بانکی ناوەندیی عێراق، بکەن، چونکە ئەو سەنتەرە17 گەندەڵیی گەورەی تۆمار کردووە. میدیا عێراقییەکان مەترسیدارترین گەندەڵییەکانیان بڵاو کردەوەتەوە، کە بریتین لە:

– دۆلار فرۆشراوەتە بانکەکان، بەڵام دیناری فرۆشتنەکە وەرنەگیراوە تا ئەو کاتەی بانکەکان دۆلارەکانیان فرۆشتووەتەوە. مۆڵەتی دروستکردنی بانک بە پارە فرۆشراوە. بەرپرسانی بانکەکە بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک، بەرامبەر وەرگرتنی پارە، مۆڵەتیان بە دروستکردنی بانک لە عێراق داوە و "ژمارەی بانکەکانی عێراق ئێستا زیاترە لە بانکەکانی هەرچوار وڵاتی بەریتانی، لوبنان، ئودن و ئیمارات بە یەکەوە."

– سپیکردنەوە و دزینی پارە.

ئەڵمانیا لە مەشقپێکردن و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت



خەباتی ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەمە 23ی تەموزی2019 لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەچوو بە سەرپەرشتی وەزیری پێشمەرگە و بە ئامادەبوونی بریکاری وەزارەت و ژمارەیەک لە ئەفسەر و پلەدارانی هێزی پێشمەرگە و نوێنەری هێزەکانی هاوپەیمانان، لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا وەزیری پێشمەرگە سوپاسی هێزەکانی هاوپەیمانانی کرد کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو هاوکاری باشیان پێشکەشی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە، ئامادەیی وەزارەتیشی نیشاندا بۆ هەر جۆرە هەماهەنگییەک لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان.

ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە ڕایگەیاند لە چوارچێوەى هاوپەیمانیى شەڕى دژى تیرۆریستانى داعش، ئەڵمانیا لە ڕاهێنان و مەشقپێکردنى هێزەکانى پێشمەرگەى کوردستان بەردەوامدەبێت.

فەریق جەبار یاوەر ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە بە ئاماژەبوونى بریکارى وەزارەت و ژمارەیەک لە ئەفسەر و پلەدارانى هێزى پێشمەرگە و نوێنەرى هێزەکانى هاوپەیمانان، لە سەرەتاى کۆبوونەوەکەدا وەزیرى پێشمەرگە سوپاسى هێزەکانى هاوپەیمانانى کرد کە لە ماوەى ساڵانى ڕابردوو هاوکارى باشیان پێشکەشى هێزەکانى پێشمەرگە کردووە، ئامادەیى وەزارەتیشى نیشاندا بۆ هەر جۆرە هەماهەنگییەک لە پێناو پتەوکردنى پەیوەندى نێوانیان.

ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە ڕایگەیاند: ڕۆژى سێشەمە 23ى تەموزى2019 لە دیوانى وەزارەتى پێشمەرگە کۆبوونەوەى وەزارەتى پێشمەرگە بەڕێوەچوو بە سەرپەرشتى وەزیرى پێشمەرگە و بە ئامادەبوونى بریکارى وەزارەت و ژمارەیەک لە ئەفسەر و پلەدارانى هێزى پێشمەرگە و نوێنەرى هێزەکانى هاوپەیمانان، لە سەرەتاى کۆبوونەوەکەدا وەزیرى پێشمەرگە سوپاسى هێزەکانى هاوپەیمانانى کرد کە لە ماوەى ساڵانى ڕابردوو هاوکارى باشیان پێشکەشى هێزەکانى پێشمەرگە کردووە، ئامادەیى وەزارەتیشى نیشاندا بۆ هەر جۆرە هەماهەنگییەک لە پێناو پتەوکردنى پەیوەندى نێوانیان.

پەرلەمانی عێراق هەوڵی کردنەوەی دۆسیەی کەوتنی مووسڵ دەدات



چەند هەفتەیەکە پەرلەمانی عێراق دەستی بە هەوڵەکانی کردووە بۆ کردنەوەی چەند دۆسیەیەکی گەورەی نێشتمانی، لەنێویشیاندا دۆسیەی کەوتنی شاری مووسڵ لە 2014 لە سەردەمی حوکمڕانێتی نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووتر، لەگەڵ دۆسیەکانی قەسابخانەی سپایکەر و تەقینەوە گەورەکەی کەڕادە و قەسابخانەی مزگەوتی ساریە.

ئەم هەوڵانە کە سەرەتا لەلایەن هاوپەیمانیی (ئەلسائیرون)ی سەر بە موقتەدا سەدرەوە لە پەرلەمانی عێراق دەستیپێکرد، ئێستە ڕووبەڕووی ڕێگریەیەک بووەتەوە لە سایەی ڕێککەوتنی سیاسی لایەنەکان. بە گوێرەی باسنیوز، دوێنێ چوارشەمەش، ڕۆژنامەی ئەلعەرەبی ئەلجەدید لە زاری بەرپرسێکی باڵای بەغداوە باڵاوی کردووەتەوە کە ئەم بابەتە وەک هەریەک لە بابەتە چارەنووسسازەکانی تری وڵاتەکە، بووەتە بارمتەی ڕێککەوتنی ژێربەژێری سەرکردە سیاسییەکان. بەرپرسەکە گوتوشیەتی: بە بیانووی ئەوەی کردنەوەی ئەم دۆسیە گەورانە ئەگەری هەیە ناکۆکی بنێتەوە و پرسیاری گەورە دروستبکەن، بەرپرسە باڵاکان و دەسەڵاتدارە سەرەکییەکان ڕێگری لە کردنەوەیان دەکەن. ڕۆژنامەکە ئەوەشی لە زاری بەرپرسە باڵاکەی بەغدا گواستووەتەوە کە جگە لەم دۆسیانە، هێشتا دۆسیە زەبەلاحەکانی تری وەک گەندەڵی لە کڕینی چەک بە گرێبەستی خەیاڵی و ساختە لە کۆمپانیا ئۆکرانی و ڕووسییەکان ماون بکرێنەوە، هەروەها گرێبەستی کڕینی برنجی ماوەبەسەرچوو و قوتابخانە ئاسنینە ئامادەکراوەکان، ئاشکراشی کردووە کە کۆی دۆسیە گەورە و چارەنوسسازەکان ژمارەیان دەگاتە 40 دۆسیە و لە زۆربەیاندا نووری مالیکی و هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا بەرپرسی یەکەمن.

مەسیحییەکان خۆشحاڵن بە بەشداریی کارایان لە کابینەی نوێی حکوومەتدا

کەسایەتییەکی کریستیان: دەمانەوێت بەشێک بین لە پێشخستنی هەرێمی کوردستان



مەسیحییەکان خۆشحاڵن بە بەشداریی کارایان لە کابینەی نوێی حکوومەت و پەرلەمانتاریکیش دەڵێت: بۆ مەسیحییەکان گرنگە بەشداریی کارایان لە کابینەی نوێی حکوومەتدا هەبێت، چونکە دەمانەوێت بەشێک بین لە پێشخستنی هەرێمی کوردستان.

پێکهاتەی مەسیحییەکان بە وەزیرێک و سەرۆکی دیوانی سەرۆکی هەرێم و چەندین بەرێوەبەری گشتی لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن و ئەوەش بووەتە هۆی دڵخۆشیی مەسیحییەکان.

وەحیدە یاقۆ هورمز، کەسایەتیی کریستیان و پەرلەمانتاری پێشووی کوردستان بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: جگە لە پۆستی وەزیری گواستنەوە، دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم لەگەڵ چەند بەرێوەبەرێکی گشتی و چەند پۆستێکی دیکە، ئەمەش بۆ مەسیحییەکان گرنگە و جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشییە و دەمانگەیەنێتە کوردستانی بەهێز. وەحیدە یاقۆ گوتیشی: بڕیارە مانگی دوو قەداسەتی پاپای ڤاتیکان، پاپای کاتۆلیکەکانی جیهان سەردانی عێراق و کوردستان بکات و لەو سەردانەدا پاپا ڕێز و دەستخۆشی و پشتیوانی پێشکەشی کابینەی نوێی حکوومەت دەکات بۆ گرنگیدان بە مەسیحییەکان و سەردانی کەمپی ئاوارەکانی مووسڵ دەکات. هەروەها فەرید یەعقووب، پەرلەمانتاری لیستی ڕافیدەین لە پەرلەمانی کوردستان گوتی: مەسیحییەکان خۆشحاڵبوون بە دانانی وەزیرێکی مەسیحی لە کابینەی نوێی حکوومەت و پشتیوانی ئەو هەنگاوە دەکەین و پێمانوایە دەبێت مەسیحییەکان ڕۆڵی گرنگ لە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستاندا ببینن.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پڕۆسەیەک دژ بە کورد

کورد پێویستی بە یەکخستنەوەی نێو ماڵی خۆی هەیە و ئەم قۆناغەی کەرکووکیش زۆر مەترسیدارە

دیاری حوسێن:

ناوچەکانی ماددەی 140 داگیرکراون و بوونەتە سەربازگە

خەبات- ئارام شێرکۆ

بڕیاردان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە عێراق و شاری کەرکووک بە تایبەتی، نیگەرانی لای پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێک لە هاووڵاتیبانی شارەکە دروست دەکات. ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش دەڵێن: ئەمە پیلانێکی گەورەیە دژ بە کورد و کۆمیسیۆنی بااڵیش دەڵێت پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت.

پاش ئەوەی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاردرا بە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، نیگەرانی لای پارتی دیموکراتی کوردستان دروستکرد، چونکە حکوومەتی هەرێم و بەغدا رێککەوتن بوون کە ناوچە کێشەلەسەرەکان پێویستە ئاسایی بکرێتەوە و بگەڕێندرێتەوە پێش رووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر، بەاڵم تاکو ئێستا ئاسایی نەکراوەتەوە بڕیار لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنیش دراوە کە پارتی ئەمە بە زیانێکی گەورە دەزانێت بۆ کورد ئەم ناوچانە.

دیاری حوسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک- گەرمیان پارتی، گوتی: پێویست بوو پێش بڕیاردان لەو پرۆسەیە، چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیداری هەرێمی کوردستان بکرایە، هەموو پارتە سیاسییە کوردستان یەک بڕیار و یەک هەڵوێست بوونایە، چونکە هەموو دەزانن ئەوە چەند زیانی گەورەی بۆ شاری کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140 هەیە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە ئەو ناوچانە داگیرکراون و بوون بە سەربازگە.

دیاری حوسێن گوتیشی: پێویست بوو لەکاتی دەنگدان لەسەر ئەو بڕیارە هەموو ئەندامانی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بە یەکەوە بایکۆتی دانیشتنەکەیان بکردبایە، هەڵوێستیان هەبوایە، چونکە ئێمە دەزانین ئەوە چەند زیانی هەیە بۆ ئەو ناوچانەی کە ماددەی140 دەستووری عێراق دەیانگرێتەوە، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی گوتیشی: ئێمە وەک کورد ناتوانین بەگوێرەی ئەو کورسییانەی کە هەمانە بەپێی دەنگی پەرلەمان، هیچ بڕیارێک جێبەجێبکەین، بۆیە هەموو کاتێک پێویستمان بە تەوافوق و رێککەوتن هەیە، لەگەڵ لایەنە عێراقییەکانی تر، چونکە رێژەی کورسییەکانی ئێمە کەمە، لایەنەکانی تر زۆرینەن و دەتوانن هەموو کاتێک هەر بڕیارێک بیانەوێت دەنگی لەسەر بدەن و جێبەجێبکەن، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێمەی کورددا نییە.

دیاری حوسێن گوتیشی: کورد بەهۆی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەرەوە بەشێکی زۆر لە دەسەاڵت و ناوچەکانی لە دەستداوە ئێستاش ئەو شوێنانە کراون بە سەربازگە و ئەگەر بێت و ئاسایی نەکرێنەوە و مەلەفی ئەمنی رادەستی پۆلیس نەکرێت و هێزە سەربازییەکان نەچنە دەرەوەی شارەکە، ئەوە ئەوان دەتوانن بە کەیفی خۆیان چیان بوێت، ئەنجامی بدەن، هەر وەک چۆن لە پاش 16ی ئۆکتۆبەرەوە زیاتر لە200 هەزار عەرەبیان هێناوەتە نێو کەرکووک و نیشتەجێیان کردوون، دەتوانن بە کەیفی خۆیان دەستکاری رێژەی دەنگەکان بکەن، لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو ناوچانەی 140.

هەروەها عەبدولباست دەرویش گوتەبێژ و بەرپرسی راگەیاندنی ئۆفیسی کەرکووکی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق گوتی: تاکو ئێستا هیچ بەپێی ئەو بڕیارە کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دراوە، دەبێت لە 2020/4/1 پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەڕێوەبچێت، بەاڵم نازانین لە لایەن ئێمەوە سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکرێت وەک کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان یان لەلایەن رێکخراوی تردە، عەبدولباست گوتیشی: تاکو ئێستا هیچ بڕیارێکی فەرمی بە ئێمە نەگەیشتووە بۆ ئەوەی دەستبکەین بە ئامادەکاریی ئامادەکارییەکان، هەر کاتێکیش بگاتە دەستمان، ئەوە پێویستیمان بە 6 مانگ هەیە بۆ ئامادەکارییەکان و دانانی بنکەکانی دەنگدان لە شارەکە و قەزا و ناحییەکانی.

بەرپرسی راگەیاندنی ئۆفیسی کەرکووک گوتی: لە ئێستادا ئێمە سەرقاڵی دوو کاریترین، ئەوانیش پێدانەوەی کارتی دەنگدان و تازەکردنەوەی کارتەکانە بە هاووڵاتیان و لە چەند بنکەیەکی شارەکەمان کە ئەمەیش بە یەکێک لە قۆناغەکانی ئامادەکاری ئەو پرۆسەیە دادەنرێت، لە ئێستایشدا لە 66٪ هاووڵاتیان بایۆمەتریان ئەنجامداوە لە سنووری کەرکووک و دەروبەری.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت دەڵێت: ئەوە پیلانێکی زۆر گەورەیە دژ بە کورد ئەنجام دەدرێت و بە تایبەتی لە سنووری کەرکووک، چونکە ئەوەی کە باسی لێوە دەکرێت، گوایە کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەبێتە 14 کورسی کە 13 بۆ پێکهاتەکان 1 دانەیش کۆتایە پێویستە کورد بەاڵیەنی کەم 7 کورسی هەبێت، ئەگەر نەیتوانی 7 کورسی بەدەستبهێنێت، ئەوە ئەوکاتە الیانەکانی تر دەتوانن لەو شارە هەموو بڕیارێک بدەن لە بەرژەوەندنی خۆیان دژ بە کورد.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەن گوتیشی: ئەوەی لە سەردەمی حکوومەتی لە ناوچووی بەعس و ئەو دوو ساڵەی کە راکان سەعید پارێزگاری سەپێندراوەی کەرکووک کراوە، ئەوا ئەوکات بە زۆرینەی دەنگ وا دەکەن کورد لەم شارە نەهێڵن و کۆتایی بە سەرجەم ئەو بڕیارانەیش بێنن کە لە ماوەی 15 ساڵدا کورد دەری کردوون. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەن دەشڵێت: پێویستمان بە یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد هەیە و پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد زۆر بە وریاییەوە بیر لەم قۆناغەی کەرکووک بکاتەوە کە زۆر مەترسیدارە، دەبێت لە بەرانبەر کەرکووک واز لە ناکۆکییەکانی خۆیان بێن و بێنە سەرمێزی گفتوگۆ بۆ ئەوەی لەسەر ئایندەی کەرکووک یەکهەڵوێست بن.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:

پیلانێکی زۆر گەورە دژ بە کورد هەیە



عەبدولباست دەرویش:

هیچ بڕیارێکی فەرمیان بەدەست نەگەیشتووە تا دەستبکەین بە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن لە کەرکووک

ئەمەریکا ژمارەیەک فەرماندەی حەشد و کەسایەتیی عێراقی خستووەتە لیستی سزاکانەوە

عادل عەبدولمەهدی: ئەو سزایانەی ئەمەریکا بەسەر ژمارەیەک کەسایەتی عێراقی سەپاندوویەتی رەوانەی لای یاساناسان کراوە



کار دەکەین بۆ ئەوەی بودجەی داهاتوو گۆڕانکاری بنەڕەتی تێدا بێت

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی رایگەیاند، ئەو سزایانەی کە ئەمەریکا بەسەر ژمارەیەک کەسایەتی عێراقی سەپاندوویەتی رەوانەی لای یاساناسان کراوە بۆ ئەوەی هەڵیبەسەنگێنن.

عادل عەبدولمەهدی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا کاردانەوەی نیشاندا سەبارەت بەو سزاییانەی کە بەمدواییانە لەلایەن وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکاوە بەسەر چوار کەسایەتی عێراقی سەپێندراوە. سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی گوتی: ئەو سزایانەی کە ئەمەریکا بەسەر ژمارەیەک کەسایەتی عێراقی سەپاندوویەتی رەوانەی لای راوێژکار و یاساناسان کراوە بۆ ئەوەی هەڵیبەسەنگێنن.

عادل عەبدولمەهدی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا کاردانەوەی نیشاندا سەبارەت بەو سزاییانەی کە بەمدواییانە لەلایەن وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا رایگەیاندبوو کە ناوی هەریەک لە فەرماندەی میلیشیاکانی لیوای 50ی سەر بە حەشدی شەعبی، وەعد قادر و پارێزگاری پێشووی سەاڵحەددین، ئەحمەد جبووری و پارێزگاری پێشووی نەینەوا، نەوفل عاکوب بە تۆمەتی گەندەاڵی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ خستووەتە لیستی سزاکانەوە.

سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای ناوچەکەش عادل عەبدولمەهدی گوتی: بە ئێرانمان راگەیاندووە کە گرنگە هەموان پابەندبین بە پاراستنی ئاسایشی دەریایی لە ناوچەکەدا. سەرۆکوەزیرانی عێراق باسی لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕووحانی کرد و گوتی: لە کۆبوونەوەکەدا لەگەڵ حەسەن ڕووحانی، پرسی ڕەیان کلدانی و فەرماندەی میلیشیاکانی لیوای 30ی سەر بە حەشدی شەعبی، وەعد قادر و پارێزگاری پێشووی نەینەوا، نەوفل عاکوب بە تۆمەتی گەندەاڵی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ خستووەتە لیستی سزاکانەوە.

سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای ناوچەکەش عادل عەبدولمەهدی گوتی: بە ئێرانمان راگەیاندووە کە گرنگە دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوت هەڵگرەکەی بەریتانیامان لە گەڕووی هورمز خستەبەر باس و لەوبارەیەوە جەختمانکردەوە کە گرنگە گرژییەکان کەمبکرێنەوە. عادل عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوەشدا کە عێراق ڕۆڵێکی بەرچاو بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان دەگێڕێت و دەبێت بە دۆستی هەموان.

عادل عەبدولمەهدی ڕاشیگەیاند: چوار وەزیری پێشوو ڕەوانەی دادگاکراون و گوتیشی: ئەو کەیسانەی کە ڕەوانەی دادگای پسپۆڕکراون بڕیتین لە 1267 کەیس و ژمارەی ئەو تۆمەتبارانەی کە ڕەوانەی دادگای پسپۆڕکراون 2200 تۆمەتبارن، کە چوار وەزیریان تێدایە، ئەمە تاوەکو 15ی حوزەیران، هاوکات123 پلەی تایبەت و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لە پلەی ئەوانن ڕەوانەی دادگاکراون. ئەو بڕە پارەی کە دەستی بەسەرداگیراوە 21 ملیار دینارە لەگەڵ 12 هەزار دۆالر و بڕە پارەی کە پارێزراوە تاوەکو 15ی حوزەیرانی 2019 بریتییە لە 231 ملیار دینار لەگەڵ 98 ملیۆن دۆالر و ئەو بڕە پارەی کە لە کاتی دەستبەسەرکردندا گەڕێندراوەتەوە 33 ملیۆن دینارە لەگەڵ 780 هەزار و 465 دۆالر. هەروەها فەرمانی ئامادەبوون لە پێش دادگا بۆ 11 وەزیر و ئەوانەی لە پلەی وەزیرن دەرکراوە.

سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان و تایبەتمەندییەکانی بوودجەی فیدراڵی ساڵی 2020ی عێراق عادل عەبدولمەهدی گوتی: کار بۆ ئامادەکردنی دەکەین و بودجەکە بودجەی پرۆژە دەبێت نەک بڕگە و دەشڵێت: ئێمە لە قۆناغی ئامادەکردندایین و کار دەکەین بۆ ئەوەی بودجەی داهاتوو گۆڕانکاری بنەڕەتی تێدا بێت، یەکەم تا ڕادەیەک بودجەی پرۆژە و کارکردن دەبێت نەک پرۆژەی بڕگە، بەاڵنی کەم لەوەی پەیوەندی بە وەزارەتی پاڵنداناناوەوە هەیە و چەند یەکەیەک لە وەزارەتەکانی دیکە، چونکە بودجەی پرۆژەکان بودجەیەک دەبێ بۆ گواستنەوە لە سیستمێکەوە کە بەدرێژایی نزیکەی 100 ساڵی رابردوو لە عێراق هەبووە تاوەکو ئێستا.

نەینەوا... لە پەالماریۆکی داعشدا بۆ سەر گوندێک سەرۆکهۆزێک و کەسێکی نزیکی کوژران



لە ئاکامی پەالماریۆکی داعش بۆ سەر گوندێک لە باشووری پارێزگای نەینەوا، سەرۆکهۆزێک و کەسێکی دیکە کوژران. ئەفسەر لە پۆلیسی نەینەوا، نەقیب جاسم ئەحمەد ڕایگەیاندووە: ژمارەیەک تیرۆریستی داعش پەالماری گوندی زویریج سەر بە ناحیەی حەمام عەلیل باشووری پارێزگاکەیان داوە. جاسم ئەحمەد گوتیشی: لە میانی پەالمارەکەدا، تیرۆریستانی داعش تەقەیان لە مااڵی یەکێک لە سەرۆکهۆزەکانی ئەلبو بەدران بە ناوی عەلی خەزعەل سااڵح کردووە کە بە هۆیەوە ناوبراو و برازایەکی کوژراون. ئەو باسی لەوەشکرد کە هیچ هێزێکی ئەمنی بۆ پاراستنی گیان و مااڵی هاوواڵتییان لە گوندەکەدا نییە. ئاماژە بەوە دەکرێت کە بەمدواییانە پەالمارەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سەر هێزە ئەمنییەکان زیادی کردووە بەتایبەتیش لە سنووری پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەاڵحەددین و کەرکووک. هەروەها لەالیەکی ترەوە دوێنێ چوارشەمە چەکدارانی رێکخراوی داعش، هێرشیانکردووەتە سەر گوندی ئیسااڵح لە ناوچەی شێخ باوە و بەگوێرەی ئامارە سەرەتاییەکانی زیانەکان، تراکتۆرێک و تەنکەرێک سووتێنران. گوندی ئیسااڵح زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبن و سەر بە شارۆچکەی گوااڵیە لە سنووری قەزای خانەقین، لە پارێزگای دیالە. لەماوەی دووهەفتەی ڕابردووش لە سنووری گوااڵ، 11 کەس بەهۆی تەقینەوە و کردەوەی تیرۆرستی کوژراون و بریندارببوون و جموجۆڵەکانی داعشیش بە ئاشکرا دەرکەوتونەتەوە.

هێرشەکانی رژێمی سووریا بەشێوەیەکی راستەوخۆ مەدەنییەکان دەکاتە ئامانج



مەولود چاوشۆغڵۆ:

پێویستە هەرچی زووە سەبارەت بە ناوچەی ئارام لەگەڵ ئەمەریکادا بگەین بە ڕێککەوتن

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئەنقەرە:

بیرۆراگۆڕینەوەی واشنتۆن و ئەنقەرە لەبارەی سووریاوە بەردەوامە

وەزیری دەرەوەی تورکیا، مەولود چاوشۆغلۆ سەبارەت بە هەوڵەکانی چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا، ڕایگەیاند، ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوودا دامەزراندنی لیژنەی دەستوور ڕابگەیەنرێن. مەولود چاوشۆغلۆ سەبارەت بە سەردانەکەی نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا، جێمس جیفری باسی لەوە کرد کە هاوتا ئەمەریکییەکەی، مایک پۆمپیۆ لە پەیوەندی تەلەفۆنییدا پێی ڕاگەیاندووە کە جیفری پێشنیازی نوێ دەهێنێت و گوتی: ئەو پێشنیازە نوێیانەی ئەمەریکا هێناونی لە ئاستێکدا نین دڵنیاییمان پێ بدەن. پێویستە بەڕوونی ئەوە بڵێین. وەزیری دەرەوەی تورکیا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە هەرچی زووە سەبارەت بە ناوچەی ئارام لەگەڵ ئەمەریکادا بگەین بە ڕێککەوتن.

لە لایەکی تریشەوە باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئەنقەرە ڕایگەیاندووە کە دیدار و کۆبوونەوەکانی نوێنەری پەیوەندییە تەلەفۆنییەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین و بە کارێکی مرۆیی نییە. مەولود چاوشۆغلۆ تیشکی خستەسەر ئەوەی سێرگی لاڤرۆڤ لەگەڵ وەزیری بەرگریی ڕووسیادا قسە دەکات و پەیامەکانی پێدەگەیەنێت. ئاماژەی بەوەشکرد کە لەگەڵ سێرگی لاڤرۆڤدا، تاوتوێی بابەتی پێکهێنانی لیژنەی دەستووریان کردووە کە بەشێکی پرۆسەی سیاسیی سووریایە و گوتی: ناکۆکی هەبوو لەسەر شەش ناو لە لیستی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و تورکیا گوتمان کە ئەوانە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی مەدەنی ناکەن. لە ئەنجامدا ڕێککەوتنێک کرا لەسەر شێوەی 4+2. ئێستا ڕێککەوتن کراوە لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی لیژنەکە و شێوازەکانی کار، کە پێشتریش لە جنێڤ بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێککەوتن کرا لەسەریان. گفتوگۆ لەسەر ئەو وردەکارییانە دەکرێت. ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوودا دامەزراندنی لیژنەی دەستوور ڕابگەیەنرێن. مەولود چاوشۆغلۆ سەبارەت بە سەردانەکەی نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا، جێمس جیفری باسی لەوە کرد کە هاوتا ئەمەریکییەکەی، مایک پۆمپیۆ لە پەیوەندی تەلەفۆنییدا پێی ڕاگەیاندووە کە جیفری پێشنیازی نوێ دەهێنێت و گوتی: ئەو پێشنیازە نوێیانەی ئەمەریکا هێناونی لە ئاستێکدا نین دڵنیاییمان پێ بدەن. پێویستە بەڕوونی ئەوە بڵێین. وەزیری دەرەوەی تورکیا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە هەرچی زووە سەبارەت بە ناوچەی ئارام لەگەڵ ئەمەریکادا بگەین بە ڕێککەوتن.

لە لایەکی ترەوە باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئەنقەرە ڕایگەیاندووە کە دیدار و کۆبوونەوەکانی نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ سووریا جەیمس جێفری لە تورکیا، ڕاستگۆیانە و ئەرێنی و سوودبەخش بووە. باڵیۆزخانەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا وەبیریهێناوەتەوە، جێفری و شاندی یاوەری لە ڕۆژانی22 بۆ 24ی تەموز لە ئەنقەرە لەگەڵ هەریەکە لە وەزیری بەرگری خولوسی ئاکار، گوتەبێژی سەرۆکایەتیی کۆمار ئیبراهیم کالن و جێگری وەزیری دەرەوە سەدات ئۆنالّ کۆبوونەتەوە. ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەش داوە، ئەمە پێنجەم کۆبوونەوەی گرووپی کاری باڵایە لەنێوان تورکیا و ئەمەریکا لەبارەی سووریاوە و ڕاگەیەندراوە، پابەندن بە نەخشەڕێگای منبجەوە و پێشنیارەکانی تورکیایان بۆ بەرەوپێشبردنی ئاسایشی سنووری و تاوتوێکردووە. هەروەها باڵیۆزخانەکە لە کۆبوونەوەکانی جێفریان بە ڕاستگۆیانە و ئەرێنی و سوودبەخش ناوبردووە و ئاماژە بەوە دراوە، بیرۆڕاگۆڕینەوەی ئەمەریکا و تورکیا لەبارەی نیگەرانییە هاوبەشەکانەوە لە سووریا بەردەوامە.

خاوی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد

دوێنێ چوارشەمە نرخی خاوی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا، ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد و هەر بەرمیلێکی بە64 دۆلار مامەڵەی پێوەکرا. شارەزایانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە بەردەوامبوونی گرژییەکان لە گەرووی هورمز، کاریگەری هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی خاوی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا. لە ماوەکانی ڕابردوودا بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی نەوت هەڵگری بەریتانیا لە گەرووی هورمز لەلایەن ئێرانەوە، گرژی کەوتووەتە نێوان ئەو دوو وڵاتەوە کە تا ئێستا درێژەی هەیە. لە مامەڵەکانی دوێنێدا، نرخی خاوی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەڕێژەی 0.27 لەسەدا بەرزبووە و هەر بەرمیلێکی بە 64 دۆلار مامەڵەی پێوەکرا. هەروەها نرخی خاوی ئەمەریکا لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەڕێژەی 0.42 لەسەدا بەرزبووە و هەر بەرمیلێکی بە 57 دۆلار و یەک سەنت مامەڵەی پێوەکرا.

ڕووسیا بەشی دووەمی ڕادەستکردنی سیستەمی بەرگریی S-400 بە وڵاتی چین دەستپێکرد


بەپێی سەرچاوە سەربازییەکانی ئاژانسی هەواڵیی TASSی ڕووسی، قۆناغی دووەمی گواستنەوەی سیستەمی بەرگریی S-400 بۆ چین دەستپێکردووە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشداوە کە گواستنەوەکە لە ڕێگەی دەریاییەوە و لە بەندەری Ust-Lugaی شاری سان پیتەرسبورگەوە ئەنجامدەدرێت. ئاماژە بەوەش دراوە گواستنەوە و ڕادەستکردنی سیستەمەکە وەک چۆن بۆ تورکیا ئەنجامدرا، لەوە خێراتر دەبێت کە لە گرێبەستەکەدا ئاماژەی پێدراوە.

وڵاتی چین ساڵی 2014 لەگەڵ ڕووسیا گرێبەستی کڕینی سیستمی بەرگریی مووشەکی S-400ی واژووکرد و بووە یەکەم کڕیاری بیانیی سیستمەکە. قۆناغی یەکەمی گواستنەوەی سیستمەکە ساڵی ڕابردوو ئەنجامدرا و سوپای ئەو وڵاتە ڕایگەیاند، قۆناغی تاقیکردنەوەی سیستمەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجامدراوە.



ترەمپ و سیناتۆرە کۆمارییەکان لەبارەی تورکیا کۆبوونەوە

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ و سیناتۆرە کۆمارییەکان بابەتەکانی تورکیا و S-400یان لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا لە کۆشکی سپی تاوتوێکرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە لە چوارچێوەی پرۆگرامی ڕۆژانەی کۆشکی سپیدا بوو، دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ 45 سیناتۆری سەر بە پارتی کۆماری کۆبوویەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوی پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە کۆشکی سپی بوون، ترەمپ بۆ ماوەی یەک کاتژمێر زیاتر لەگەڵ سیناتۆرەکان کۆبوونەتەوە و لە کۆبوونەوەکەدا سزا گرینگانەکراوەکان لە چوارچێوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی سزاکانەوە (CAATSA) سەبارەت بە تورکیا، تاوتوێکراون. لە کۆبوونەوەکەدا هەر یەک لە سیناتۆرە دیارەکانی کۆمارییەکان لیندزی گراهام، تۆم کەتن، میچ مەککۆنەڵ، راند پاوڵ، مارکۆ ڕوبیۆ و جەیمس ریچ بەشداریان کردووە.



ئەمەریکا ئیدانەی هێرشەکانی ڕووسیا و ڕژێمی ئەسەد دەکات لە ئیدلب

حکوومەتی ئەمەریکا ئیدانەی هێرشەکانی ڕووسیا و ڕژێمی ئەسەدی بۆ سەر نشینگە سڤیلەکانی نێو سنووری ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب کرد. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، مۆرگان ئۆرتاگوس ڕاگەیەنراوێکی لەبارەی هێرشە ئاسمانییەکانی سەر شارۆچکەی مەعەرەت نوعمان سەر بە پارێزگای ئیدلب بڵاوکردەوە.

مۆرگان ئۆرتۆگوس ڕایگەیاندووە کە ئەمەریکا ئیدانەی ئەو هێرشانە دەکات کە خەڵکی سڤیل دەکەنە ئامانج و وەبیریهێناوەتەوە کە ماوەی سێ مانگە هێرشەکانی ڕووسیا و ڕژێمی ئەسەد بۆسەر مندالاّن و خەڵکی سڤیل بەردەوامە و لە ڕووبەڕێکدا کە 330 هەزار مرۆڤی تیادا دەژی، هەلومەرجی ژیان سەخت بووە.

ڤلۆدۆیمیر زێلێنسکی بووە سەرۆکی ئۆکرانیا

ڤلۆدۆیمیر زێلێنسکی، بە جیاوازییەکی بەرچاو پێش ڕکابەرەکەی کەوت و بووە سەرۆکی ئۆکرانیا، پارتەکەشی پارتی خزمەتکاری گەل کە خۆی دایمەزراندووە لە هەڵبژاردنی گشتیی پێشوەختەدا بەو ئەنجامانەی بەدەستی هێنا دووەم سەرکەوتنی تۆمارکرد. بەپێی ئەنجامە نافەرمییەکان کە ناوەندی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی ئۆکرانیا بڵاویکردووەتەوە، لە سەدا 99.5ی سندوقەکان کراونەتەوە، ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکەدا لەسەدا 84.49 بووە کە 15 ملیۆن دەنگدەرە لە هەڵبژاردنە گشتییەکەدا لە کۆی 22 پارت پێنج پارتیان لەسەدا پێنجی بەربەستی بەردەم پەرلەمانیان تێپەڕاندووە. پارتەکەی سەرۆکی ئۆکراینا، ڤلۆدۆیمیر زێلێنسکی خزمەتکاری گەل لەسەدا 43.17ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و بووە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە. پلاتفۆرمی ئۆپۆزسیۆن بۆ ژیان کە لایەنگری ڕووسیایە، بە بەدەستهێنانی لەسەدا 13.1ی دەنگەکان بووە دووەم پارتی سیاسی لە بەدەستهێنانی دەنگەکاندا.



یەکێتیی ئەورووپا هۆشداری دەداتە ئەمەریکا

یەکێتیی ئەورووپا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر ئەمەریکا گومرکی زیادە بخاتە سەر ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە وڵاتانی ئەورووپاوە هاوردەی دەکات، ئەوا بە بڕی 35 ملیار یۆرۆ بەرپەچدانەوەی دەبێت.

ئەوە کردەوە کە بابەتەکانی بازرگانی لە کارە پێشینەییەکانی یەکێتیی ئەورووپایە و پێویستە خۆبەدوور بگیرێت لە سیاسەتەکانی بازرگانی تاک لایەنە. ئەندامی بەرپرس لە بازرگانی لە کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا باسی لەوە کرد کە یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ بازرگانی ڕوون، گشتگیر، شەفاف و پشتبەستوو بە بەهاکانە و خوازیارن لەگەڵ وڵاتانی هاوبیر بەیەکەوە پێکهاتەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بەهێز بکەن. سیسیلیا مالمستروّم باسی لەوەشکرد کە ئەگەر ئەمەریکا گومرکی زیادە بخاتە سەر ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە ئەورووپاوە هاوردەی دەکات، ئەوا بەرپەرچی ئەوە دەدەنەوە و قبوولّی کۆتا یان سنووردارکردنی هەناردەکردن ناکەن. ئەندامی بەرپرس لە بازرگانی لە کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، هەروەها باسی لەوەش کردووە کە ئەگەر ئەمەریکا بڕیار بدات بە دانانی باجی زیادە لەسەر ئۆتۆمبێل یان پارچەی یەدەگ ئەوا یەکێتیی ئەورووپا بە بڕی 35 ملیار یورۆ بەرپەچدانەوەی دەبێت.


ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی هەولێر پشتیوانیی پرۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف دەکات



لەدیوانی وەزارەت د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشوازی کرد لە کاکەمین نەجار بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندێکی یاوەری. لە وتەیەکدا کاکەمین نەجار بەناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەولێر سەرفرازی بۆ خواست لە چوار پێرۆزبایی ئاراستەی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونیان و هیوای سەرکەوتن و سالی داهاتووی کارکردن راشیگەیاند کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەولێر هەموو پشتیوانیەکی پرۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف دەکات.

مەترانی سریانی ئەرپوژکسی موسڵ و کوردستان:


سوپاسی حکوومەتی کوردستان دەکەین بۆ گرتنەخۆی ئاوارە مەسیحییەکان



دوێنێ، ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە مەتران داود مەتتی شەرەف مەترانی سریانی ئەرپوژکسی موسڵ و کوردستان و شاندی یاوەری کرد، کە پێکهاتبوون لە مەتران میخائیل نەجیب مەترانی موسڵ و ئاکرێی کلدانی کاپولیک و مەتران موسا شەمامی مەترانی دێر مار مەتتی و دەوروبەری سریانی ئەرپوژکس و مەتران نزار تۆما مەترانی سریانی کاپولیک لە کوردستان و ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خالید ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

لە دانیشتنێکدا شاندی میوان پیرۆزباییان لە وەزیری ناوخۆ کرد بە بۆنەی وەرگرتنی ئەرکی تازەی و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست لە کارەکانیدا، سوپاسی حکوومەتی هەرێمیشیان کرد بۆ گرتنە خۆی ئاوارە مەسیحییەکان لە کاتی شەڕی دژی تیرۆرستانی داعش و فەراهەمکردنی مافی مەسیحییەکان لە هەرێمدا. لە بەرامبەریشدا وەزیری ناوخۆ سوپاسی کردن و ڕایگەیاند، کە کوردستان بە درێژایی مێژوو لانەی بەیەکەوەژیان و برایەتیی نێوان پێکهاتەکانی بووە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش داکۆکیکەری دابینکردنی مافی سەرجەم پێکهاتەکان بووە، هەر ئەو پێکەوژیانەشە کە هێز و توانای زیاتر بە هەرێمی کوردستان دەبەخشێت.

وەزارەتی کارەبا گرێبەستێک بە ملیۆنێک و 450 هەزار دۆلار بۆ کرێنی وێستگەیەکی مۆبایل واژووەکات



بەمەبەستی کەمکردنەوەی لۆد و پاڵەپەستۆ لەسەر ناوچەی شەمامک لە پارێزگای هەولێر، دوێنێ بەئامادەبوونی ئەندازیار کەمال محمد وەزیری کارەبا گرێبەستێک بەبەهای 1 ملیۆن و450 هەزار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای بێستی تورکی واژوو کرا، بۆ دانانی وێستگەیەکی مۆبایلی 132 kv لەناوچەی شەمامک لە پارێزگای هەولێر. دوای ڕێورەسمی واژووکردنی گرێبەستەکە وەزیری کارەبا پیرۆزبایی لە کۆمپانیا تورکییەکە کردو داوای لێکردن لە ماوەی 6 مانگدا پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت و پابەندی ماوەو کاتی تەواوبوونی پرۆژەکەو کوالیتی و مەرجەکانی گرێبەستەکە بن.

لە تەوەرێکی ڕێورەسمەکەدا کە بریکاری وەزارەتی کارەبا و ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەری گشتی دابەشکردنی کارەبای پارێزگای هەولێر ئامادەبوون؛ وەزیری کارەبا باسی لە گرنگی وێستگەی مۆبایلەکە کرد کە ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی گرفتی کارەبا و بارزۆری لەتەواوی ناوچەکەدا دەبێت. لای خۆیەوە نوێنەری ڕێپێدراوی کۆمپانیاکە سوپاسی وەزارەتی کرد لەبەرامبەر پێشکەشکردنی هاوکاری و کار ئاسانی بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە و بەڵێنی دا پابەندی ماددەو برگەکانی ناو گرێبەستەکە بێت.

هەر هەمان ڕۆژ وەزیری کارەبا لە نووسینگەی تایبەتی خۆی چاوی کەوت بە نەسرەدین سەعید سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لە دیدارێکدا باسی ڕەوشی کارەبا لە هەرێمی کوردستان کرا بەتایبەتی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و سەرۆکی دەستەکە هیوای خواست وەزیری کارەبا لە پۆستی نوێی دا سەرکەوتوو بێت.

لقی دوو دیاریی ڕێزلێنان پێشکەش بە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەکات



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی پێشوازی کرد لە ئەحمەد کانی بەڕێوبەری لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق. ئەحمەد کانی بەناوی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی خۆیانی ئاراستەی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی کرد بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. بەڕێوبەری لقی دوو تەئکیدی لە پشتیوانی لقی دوو کردەوە بۆ هەموو پرۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دواتر لەبەرامبەر پرۆژە بەرهەمدارەکانی وەزیری ئەوقاف دیاری و ڕێزلێنانی تایبەتی لەلایەن بەڕێوبەر و هەڤاڵانی لقی دوو پێشکەش وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرا.

داواکراوە بکرێنە هەمیشەیی

ئەنجوومەنی وەزیران گرێبەستی چوار هەزار مامۆستا نوێ دەکاتەوە



ئەنجوومەنی وەزیران گرێبەستی چوار هەزار مامۆستای بۆ ساڵێکی دیکە نوێ کردەوە، جێگری سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیش دەڵێ: داوامان کردووە ئەو مامۆستایانە بکرێنە هەمیشەیی و لە هەوڵەکانیشمان بەردەوام دەبین، چونکە ماوەی شەش ساڵە گرێبەستن و پێویستە بکرێنە هەمیشەیی. بەپێی نووسراوێکی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، کە کۆپییەکی دەست مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتووە، ڕەزامەندی لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستی چوار هەزار مامۆستا بۆ ساڵی خوێندنی 2020/2019 دراوە، کە لە 2019/7/22 تاوەکو 2020/9/30 گرێبەستەکەیان نوێ کراوەتەوە و بەردەوام دەبێت.

لەو بارەیەوە، جێگری سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ئەحمەد گەرمیانی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: وەزارەتی پەروەردە لەسەر داوای یەکێتیی مامۆستایان و گرێبەستەکان، داوایەکی لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، کە مامۆستایانی گرێبەست بکرێنە هەمیشەیی و هەوڵی بەردەوامیش دەدرێت بۆ ئەوەی سەرجەم مامۆستایانی گرێبەست بکرێنە هەمیشەیی، بەڵام لە ئێستادا گرێبەستەکەیان بۆ ساڵێکی دیکە نوێ کراوەتەوە. گەرمیانی گوتیشی: داواکارین لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی، کە ماوەی شەش ساڵە ئەو مامۆستایانە گرێبەستن، بکرێنە هەمیشەیی، چونکە ئەو مامۆستایانە لە هەموو بارودۆخێکدا لە کاری خۆیان بەردەوام بوونە و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و بکرێنە هەمیشەیی.

شێخان... د رووبدانەکا هاتنوچوونێدا دوو کەسا گیانێ خو ژدەست دا



خەبات- ئالان شەهاب: دلشاد محەمەد بەرپرسێ بەشێ ڕاگەهاندنا هاتن وچوونا شێخان ب خەبات ڕاگەیاند: ل سەر جادا سەرەکی یا دناڤبەرا قەزا شێخان و قەزا ئاکرێ دا ل نێزیک کومەلگەها چرەپی یا سەر ب قەزا شێخان ڤە ڕوبدانەکا هاتنوچوونێ ڕویدایە ژ جورێ لێکدان دناڤبەرا دوو ترومبێلان تایبەت هوندا ئەزیرا دگەل بارهەلگر ترێلە تانکەر و دئەنجامدا مخابنی ڤە دوو کەسا گیانێ خو ژدەست دا و زێدەباری زیانێن ئابوری ژی گەهشت ترومبێلان.

ئاکرێ... سالانە بەرهەمئینان و دروستکرنا باخێن هژیرا زێدە دبیت



خەبات- شهراز چاربژێ: ئاکرێ یا بناڤ و بانگە ب بەرهەمئینانا هژیرا زەر سالانە چاندن و دروستکرنا باغێن هژیرا زێدەتر دبیت ژبلی نافخویا کوردستانێ دچیتە عیراقێ و دەرڤەی کوردستانێ. محەمەد عەبدولا جوتیارەکێ دەڤەرا ئاکرێیە بۆ خەبات ئاشکراکر: ل سنورێ دەڤەرا ئاکرێ گەلەک ڕەزو باغێن هژیرا هەنەژبەرکو یا بهایە دەمێ دهێتە فروتن، هژیرا دەڤەرێ گەلەک بناڤ و دەنگە دکەینە مرەبا و کەتک و گەلەک دکەنە دیاری هژیرا ئاکرێ و دەوروبەر بۆ فروتنێ و دیاریا چویە گەلەک پارێزگەهێن عیراقێ و دەرڤەی کوردستانێ تایبەت وەلاتێن دەردوور، دەمێ پێگەهشتنا بەرهەمێ هژیرا کریار ڕوژانە دهێن بو کرینا هژیرا ئاکرێ تایبەت هژیرا زەر ناڤ و بانگی و تاما خویا تایبەت هەیە. ئەحمەد جەمیل ڕێڤەبەرێ چاندنا ئاکرێ بۆ خەبات ڕاگەهاند: ل دەڤەرا ئاکرێ سالانە پتر ژ 500 تەنێن هژیرا ل ئاکرێ و ناحیێن دەردوور دهێنە بەرهەمئینا و ل بازارێن کوردستانێ و پارێزگەهێن عیراقێ دهێتە فروتن پتر ژ 24 هزار دارێن هژیرا ل ئاکری و دەردوور هەنە ڕووبەرێ150 دوونەمێن ئەردی ل ئاکرێ هژیر لێ هاتینە چاندن. گوتژی: هژیرا ئاکرێ سالانە خواستەکا باش لسەر هەیە جوتیارێن دەڤەرێ بۆ بەرفرەهکرن و زێدەکرنا بەرهەمێ هژیرا زەرا ئاکرێ هژمارەکا ڕەزوو باغێن تایبەت ب هژیراڤە دانایەو ئەڤ ڕێژە دزێدە بۆنێ دایە پتر ژ پار هژیر هاتینە چاندن ، ل وەرزێ هژیرا خواستەکا زور دکەڤیتە سەر هژیرا ئاکرێ و ل هەمو پارێزگەهێن کوردستانێ ب مەبەستا کرینا هژیرا قەستا ئاکرێ دکەن ژبەرکو هژیرەکا تام خوشە ل دەسپێکا پێگەهشتنێ کیلویا هژیرا گرانتر ل گوشتێ سور دهێتە فروتن.

www.xebat.net
هەفتەنامەی خەبات
پێنج شەممە 2019/7/25 ژمارە (5797)



لە سەرجەم هەرێمی کوردستان 9436 یەکەی نیشتەجێبوون کاری تیادا دەکرێت


دابەشکردنی یەکەی نیشتەجێکردن بەپێی ژمارەی خێزان و خاڵ و پلەبەندی و ساڵانی خزمەتکردن دەبێت

بەدواداچوون/ سەید فاتیح بەرزنجی

هاوواڵتییەک: پێویستە دابەشکردنی یەکەی نیشتەجێبوون ببێتە پرۆژەیەکی ساڵانە، تا خەڵک بتوانێت بەرنامە بۆ ژیانی خۆی دابنێت

یەکێک لە کارە گرنگ و خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون بوو، بۆ ئەو مەبەستە بەرلە قەیرانی دارایی و لەساڵی 2012 بەدواوە پلان و بەرنامەی حکوومەتی هەرێم دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بوو بۆ هاوواڵتیان و فەرمانبەران و خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت، دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون دەستیان پێ کردو درێژەی هەبوو، بەڵام شەڕی داعش و قەیرانی دارایی کارو پرۆژەکانی وەستاندو نەتوانرا کارەکان پەرەی پێ بدرێت و پرۆژەی یەکەکانیش وەستێنران، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نیشتەجێ کردن کۆڵی نەداو کارەکان دووبارە دەستیان پێ کرایەوەو لەئێستاشدا کارەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ یەکەکانی نیشتەجێ بوون دەستی پێ کراوەتەوە. دەربارەی وردەکاری زیاتری یەکەکانی نیشتەجێ بوون وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو بەدواداچوونەمان ئەنجامدا:





سوودمەند نەبووبێت و هیچ شتێکی بەناو نەبێت و زۆربی ژمارەی خێزان ڕۆڵی هەیە لەو کێبڕکێیەدا، واتا هەرچەندەی ژمارەی خێزانی زیاتر بێ جیاوازی هەیە لەو کەسانەی کە ژمارەی خێزانەکەی کەمترە و ساڵی هاوسەرگیریش ڕۆڵی هەیە، ژمارەی خێزان تا10 مندااڵ دەڕوات و ساڵی هاوسەرگیریش تا 5 خاڵ دەڕوات ئەو زانیارییانە بەشێوەی گشتی یاساکەیە، لەبەر ئەوەی مەسەلەی نیشتەجێ کردن لە کوردستان زۆر فراوانە تەنها ئەو بەشوەی لای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە جگەلەوە بەشێکی دیکەی نیشتەجێ کردن لەلای وەبەرهێنانەوە دەکرێ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و هاوواڵتیان دڵنیا دەکەینەوە کە بەیەکسانی و بەبێ جیاکاری ئەو یەکانە دابەش دەکرێن.

لە کوردستان 9 هەزارو436 یەکەی نیشتەجێ بوون لەژێر جێبەجێکردن دایە

دواتر ئەندازیار ئاگرین عەبدوڵا عەزیز بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەربارەی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێ بوون ڕوونیکردەوە: لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە 9 هەزارو 436 لەسەرتاسەری کوردستان یەکەی نیشتەجێ کردن لەژێر ئەنجامدان هەیە دیارە ئەو یەکانە لەساڵی 2012وە دەستیان پێ کردو بەردەوام بوو تاساڵی2014 ئەوکاتەش قەیرانی دارایی بەرۆکی گرتین و هەموو کارو پرۆژەکان وەستان و خاوبوونەوە بودجەش نەبوو تابتوانین تەواویان بکەین و لەجێی خۆیان ماونەتەوە هەندێکیان گرێبەستەکانیان هەڵوەشایەوە، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگ و جێی بایەخی حکومەتی هەرێم بوو دابین کردنی هەندێ پارەبوو بۆ ئەو شوقانەی کە وەکو شووقە تەواوبووین بەڵام خزمەتگوزاریان نەبوو ئەو خزمەتگوزاریانەش بریتی بوون تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ و تۆڕی کارەبا و ڕێگاوبان و شەقامەکان تا ئەو هاوواڵتیانەی کە دەچنە ناو ئەو شووقانە بەشێوەیەکی گشتی خزمەتگوزاریان هەبێت، لە ئێستاشدا ئێمە396 شووقەمان لە قەزای بنەسلاوە هەیە لەگەڵ 144 شووقە لە سۆران و 72 شووقە لەپاریزگای هەڵەبجەو84 شووقەمان لە قەڵادزە هەیە، کە ئەوانە پارەی گەیاندنی خزمەتگوزاریان دابین کراوە و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان لەژێر جێبەجێ کردندایە و کاری تێدا دەکرێ، بڕیار وایە بۆ کۆتایی ئەمساڵ تەواو بێت و ئامادە دەبن بۆ دابەشکردن.

دواتر بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە باسی لەوەش کرد بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەگەر یەکەی ئیدارەی ئەو شوێنە لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان ڕێک بکەوێت، ئەوا یەکەی نیستەجێ کردن بە شەهیدانی شەڕی داعش دەدرێ و بەخۆڕاییە بۆ خانەوادەی ئەو شەهیدانە واتا بەبێ بەرانبەرە بۆ ئەوان و لەبەرنامەی حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستاندایە کە کارو پرۆژەکان دەست پێ بکەنەوە تا لەو کابینە تازەیەی حکوومەتی هەرێم بودجە دابین بکرێت تا بتوانین ئەو شووقانەی کەتەواو نەکراون تەواویان بکەین، خەمی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە ئەو شووقانەی کە تەنها خزمەتگوزاریان ماوە ئەوانە تەواو بکەین ئینجا کاری دیکە ئەنجام بدەین، ئێستا ئێمە خەریکی ئەوەین کە یەک شەممەی داهاتوو وۆرکشۆپێک لەهەر سێ پاریزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەکرێ بەئامادەبوونی هەموو دامودەزگاکانی وەزارەت و پسپۆرانی وەزارەت و ئەندازیارانیش ئامادە دەبن، تا گفتوگۆی پلانی وەزارەت بکەین و باس لەبواری نیشتەجێ بوونیش دەکرێ.

هاوواڵتیانیش قسەی خۆیان هەیە

دەربارەی یەکەی نیشتەجێکردن بۆ هاوواڵتیان و فەرمانبەران ژمارەیەک لە فەرمانبەرانە، هەڵبەت ئەوەی کە سوودمەند نەبووبێت لە زەوی و سولفەی عەقاری و نابێ هیچ خانوویەکی بەناو بێت، دوای ئەو وردەکارییانە فۆرم پڕ دەکرێتەوە لە ڕێگەی یەکە کارگێڕییەکانی پاریزگاو شارۆچکەکان تا ئەو فۆرمانە پڕبکرێتەوەو بەیەکسانی دابەش بکرێت، بەڵام ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی کەفۆرم پردەکەنەوە زیاتر بوو ئەوا لەو حاڵەتەدا دابەشکردنەکە بەشێوەی تیروپشک ئەنجام دەدرێ، ئەگینا بەخاڵ دەبێت. یەکێکە لەو خاڵانەش دەبێ دانیشتووی ئەو شوێنە بێت و بەپێی ئەو یاسایە زەوی ئەم پرۆژانە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی دابین دەکرێت و زۆربەی یەکەکانی نیشتەجێ لەشێوازی شووقە بەشێوەی بەڵندەرایەتی بە ڕاگەیاندنی ئاشکرا جێبەجێ دەکرێ و دوای تەواوبوونی ئەو یەکانەی نیشتەجێ بوون هەربە پێی بڕگەکانی ئەو یاسایە تێچووی شووقەکە چەندە دابەشی25 ساڵ دەکرێ، ئینجا دابەشی سەردوو جۆر لە هاوواڵتیان دەکرێت و یەکێکیان هاوواڵتیانی هەژاو کەم دەرامەت و خەڵکی کرێچیەو ئەوی دیکەشیان تۆێژی ئەندازیار ئاگرین عەبدوڵا عەزیز بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەو ڕاپۆرتەدا وردەکاری زیاتری خستەڕوو و دەڵێت: یەکێک لە کارە خزمەتگوزاریە گرنگەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوونە، ئەویش لە ژێر بڕگەکانی یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008 کە هەموارکرا بەیاسای ژمارە 16ی ساڵی 2011 تا یەکەی نیشتەجێکردن بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و فەرمانبەران دروست بکات، بڕیە هەر



بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە:
هەوڵەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بەردەوامە

